# زنجیرەیەك چالاكی ڕێبوار عارف لە كوردستان

## سیمیناریك بۆ ریبوار عارف لە شاری دیانە

ڕۆژی 12 / 7 / 2005 سەنتەری ڕۆشنبیری سۆران سیمینارێكیان سازكرد بۆ ریبوار عارف ئەندامی مەكتەبی سیاسی حزبی كۆمۆنیستی كریكاریی عیراق ، كە ناونیشانی سیمینارەكە (ماف و ئازادیەكانی خەلكی كوردستان یا دەستوور؟) بوو. كە تێیدا زیاتر لە 120كەس بەشداری كردو ژمارەیەكی بەرچاویان لە كەسایەتییە ناسراوەكانی دەڤەری سۆران ونوینەرانی حزب و لایەنەكان بوون.

سەرەتای سیمینارەكە ریبوار عارف ئاوڕێكی لە چەمكی ئازادی ودەوری بزوتنەوە كۆمەلایەتی یەكان دایەوە لەسەردەمی ڕاپەرینی بەرهاری 1991دا. پاشان هەلویستەیەكی كرد لەسەر كاریگەری یەكانی گەمارۆی ئابوری لەسەر عیراق و كوردستان، شەری ناوخۆی نیوان حزبە دەستەلاتدارەكانی كوردستان ، زەمینەكانی سەرهەلدان و گەشە كردنی ئیسلامی سیاسی و بەهرمەند بوونی لە هەردوو فاكتۆری گەمارۆری ئابووری و شەری ناخۆو هەروەها دەوری هەردوو حزبی دەستەلاتدار لە بەهێزكردنی ئیسلامی سیاسی و پشتگیری كردنیكی لەرادەبەردەری ئەم لایەنانە لە رووی مادی و مەعنەوی یەوە تا ئاستانەی مەترسی دار بوونی ئەم لایەنانەو بوونیان بە گرفتیكی هەرە گەورەی كۆمەلگای كوردستان . دواتر قسەوباسیك كرا لەسەر كاریگەری ئەم رەوەندو فاكتۆرانە واتە ( گەمارۆی ئابوری ، شەری ناخۆ ، پشتگیری و پەرەسەندنی ئیسلامی سیاسی) دژ بە ماف و ئازادیەكانی خەلكی كوردستان.

هاوكات قسەوباسیك لەسەر ئەوە كرا كە چۆن حزبە دەستەلاتدارەكان بەكردەوە هیرشكردنە سەر ماف و ئازادییەكانی خەلكی كوردستانیان كردە ریگەی هیرشكردنە سەر بەرەی رادیكال وپیشرەوی كۆمەلگاو چۆن كاریان گەیان بە تیرۆركردنی كۆمۆنیستەكان و پاشەكشە پی كردن بە بەرەی سكۆلارو ئازادیخواز .

بەشی دووەمی قسەوباسەكانی بریتی بوو لە قۆناغی پاش ڕوخانی بەعس، لەم بەشەدا زیاتر ئاماژە بە دەوری بزوتنەوە كۆمەلایەتیەكان وناڕەزایەتییە جەماوەریەكان كرا لە ماوەی چەند مانگی ڕابردودا لە هەموو شارو شارۆچكەكانی كوردستاندا. هاوكات بەشیكی قسەوباسەكە تەرخان كرا بۆ ریگریەكانی بەردەم بزوتنەوە جەماوریەكان و دەوری هەردوو حزبی دەستەلاتدار لە پاشەكشەپێكردن بەم بزوتنەوەیەو هەلسوران و ڕابەرانی لە ریگەی چاوترسان و دەسگیركردن و تەقەكردن لە خۆپیشاندەرانەوە. وە لەبەرامبەر ئەمەشدا ئاماژە بەگرنگی یەكگرتوویی وریكخراوبوونی ئەم جولانەوەیەو گەشەپیدان بەم بزوتنەوە جەماوەرییە كرا.

شایەنی باسە قسەوباسەكەی ریبوار عارف بۆ ماوەی 45 دەقیقەبوو ، بەلام دواتر زیاتر لە دوو كاتژمیر پرسیارو گفتوكۆكرا لەسەر باسەكان . كە بە حوكمی بەشداربوونی ژمارەیەكی بەرچاو لە لیپسراوان و لایەنگرانی ئیسلامی یەكان تەوەریكی سەرەكی باسەكان تەرخان كرا بۆ دەربرینی نیگەرانیەكانی ئیسلامی یەكان لە پەیوەند بە روانگەو لیدانەوەی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق سەبارەت بە جیایی دین لە دەولەتو فیركردن وپەروەردە. جێگەی سەرنجە كە سەرباری وەلامدانەوەو ڕونكردنەوەكانی ریبوار عارف سەبارەت بە روانگەی كۆمۆنیزمی كریكاری لە پەیوەند بە ئیسلامی سیاسی و قسەوباسەكانی ئەم ڕەوتە لە سیمینارەكەدا هەروەها ژمارەیەكی بەرچاو لە كەسانی عەلمانی و پیشكەتوخوازو بەشدرای یەكی تیروتەسەلەیان كرد بۆ پشتگیری كردن لە جیایی دین لە دەولەت و فیركردن و پەروەردەكردن، وەك یەكیك لە پایەكانی كومەلگای مەدەنی .

پیویستە ئاماژە بەوەش بكەین كە لەسەرەتای سیمینارەكەوە تا كۆتایی تەلەفزیونی كوردستان TV و تەلەفزیونی زاگرۆز و رادیۆی زاری كرمانجی بەشدرایان كردو دواتر چەند جاریك لە كەنالەكانی ڕاگەیاند ئەم سیمینارەیان نیشاندا .

## سیمیناریك بۆ ریبوار عارف لە شاری كەلار

لە ناوەڕاستی مانگی 7 / 2005دا ڕێبوار عارف بانگهێشتکرا بۆ سازدانی سمیناریچکی هاوشیوە لە شاری کەلار. سیمینارەکە لەژێر ناوی ( ماف وئازادیەکانی خەلکی کوردستان) بوو کە تێیدا نزیکەی 60 کەس بەشداریان کرد.

## دوو چاوپیکەوتن لەگەل

## ڕیبوار عارف

هەفتەنامەی میدیا و بلاوکراوەی داینەمۆ دوو چاوپیکەوتنی جیاواز یان لەگەل ریبوار عارف ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق سازدا. هەفتەنامەی میدیا چەند پرسیاریکی ئاراستەی ریبوار عارف کرد لەپەیوەند بە کیشەی پەنابەرانی کوردو عیراقی لە ئەوروپاو مەترسی گەرانەوەو چالاکیەکانی فیدراسیون لەمبارەوە. هەروەها بەدواچوونیان هەبوو لە پەیوەند بە هۆکاری زیندانی کردنی ریبوار عارف لەلایەن ئاسایشی سلیمانیو مەسەلەی تۆمارکردنی شکاتنامە لەسەر سەرۆکی حکومەتی هەریم لە سلیمانی هەروەها مەسەلەی نارەزایەتیەکانی خەلکی کوردستان و کیشەی خەلکی کوردو مەسەلەی دەستوور...

هەروەها بلاوکراوەی داینەمۆ بەهەمان شێوە چاوپیکەوتنێکی لەگەل ڕیبوار عارف ساز کرد کە ناوەرۆکی پراسیارەکان تایبەت بوون بە ماف و ئازادیەکانی خەلکی کوردستان ، بزوتنەوەی جەماوەریەکانی ئەمرۆ ، ئایندەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان ، دەستوور ، ئایندەی کوردستان مەسەلەی جیابوونەوەو پیکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆ ...